هەفتەنامەی **رۆژی گەل** بە خۆشحاڵیەوە بیرەوەریەکانی بەڕێز مام زرار سلێمان بەگ دەرگەڵەیەی بە زنجیرە بڵاو دەکاتەوە.

مام زرار سلێمان دەرگەڵەیی تێکۆشەرێکی دێرینی رێگەی ئازادی و یەکسانیخوازی کوردستانە، لە بەستێنی خەباتی سیاسی دا ناسراوە، بیروەریەکان بۆ خۆیان دەدوێن، مێژووی تێکۆشانی ئەو تێکۆشەرە دەگێڕنەوە، لاپەڕە شاراوەکانی مێژووی خەبات و تێکۆشان ئاشکرا دەکەن.

بیرەوەریەکان لە شێوەی کتێب تایپ کراوە، بەڵام هیچ دامەزراوەیەک ئەرکی چاپکردنی لەئەستۆ نەگرتووە، هەڵبەت هۆکاری سیاسی لە پشت چاپ نەکردنی دا هەیە.

فەرموون با بەیەکەوە

بەشی یەکەم- 2

بیرەوەریەکانم

دێتەوە یادم مێوانی بێگانە هاتنە ماڵمان

سەرلەبەیانی ڕۆژێکی بەهار کۆمەڵێک میوانی بێگانە لە ماویلیان پەیدا بوون، لە دیوانخانەی ئێمە دابەزین، دیاربوو ئینگلیز بوون، سوپایەکەیان لە دەشتی رواندز بوو کە ئێستا پێی دەڵێن (دەشتە دیان)، بەنیازی ئەوەی لەگەڵ (سلێمان بەگ) بچنە راوە (بەراز)و راوی (بزنە کێوی) سەردانی باوکمیان کردبوو، لەوکاتەی ئەوان گەیشتن (سلێمان بەگ/ باوکی نووسەر) ئەو ڕۆژە چوو بووە دەرگەڵە، هەر ئەو دەمەی ئەوان گەیشتن یەکسەر یەکێکمان نارد بە دوای باوکم کە زوو بگەڕێتەوە ، میوانەکان لە دوای پشوێکی باش چوونە سەربانی دیوەخانە، لەوبەری بەرامبەر قەلات نیشانەیان داناو تفەنگیان دەهاویشتنێ، بۆ ئێوارە کاتی ڕۆژئاوا (سلێمان بەگ) گەڕایەوە، هەر ئەو شەوە خۆیان ڕێکخست و بەری بەیانی زوو بۆ چیای (بن کێلان) ڕۆیشتن، باوکم زوو راوکەرەکانی بۆ ئەو شوێنەی بۆی دەست نیشان کردبوون، بەڕێکرد بوون، ئینجا خۆیو چەند چەکدارێک لەگەڵ میوانەکان بەرێ کەوتن، لە سەر راسپاردەی باوکم کەلوپەلی پێویست بۆ ئەشکەفتی (بیدزی) ناردرا ،چونکە بەنیاز بوون شەو بمێنەوە، بەڵێ شەوێک لەوێ مانەوە، میوانەکان دوو ئینگلیزو دیانێکی موتەرجیم و خزمەت گوزارێک بوون. بۆ ڕۆژی دوایی کە گەرانەوە دیار بوو چەند نێچیرێکی چاکیان راوکردبوو، دوو سێ نێریە کێوی گەورەیان کوشتبوو، لە سەرخواستی ئەوان نەکوژرابونەوە بەو شێوەیان بردنەوە بۆ سەربازگەکەیان لە (دیانە)، وەک دواتر زانیمان هەر زوو بۆ(بەریتانیا) بەرێیان کردبونەوە، ئەوەی دیار بوو زۆر بەدڵخۆشی گەرانەوە، چونکە بڕوایان نەکرد ئەوەیان بۆ دەکرێ، ئەوەی بۆیان کرا، زۆری پێنەچوو ڕۆژێک پێش نیوەڕۆ دوو فڕۆکە گەیشتنە سەر گوندی ماویلیان، یەکێک لە فڕۆکەکان زۆر بەبەرزی بەسەر گوند دەسوڕایەوە، ئەوەی تریان زۆر نەوی بەسەر گوند دەوری دەدان، هەرئەوەندە خۆی لە ئەسپیندارەکان نەدەدا ، زۆر نزم بەدەوری قەلاتێک دا دەسوڕایەوە، ئەوەندە نەوی بوو خەڵکی گوند مەترسیان لێ پەیدابوو، هەندێکیان خۆیان شاردبوەوە وایان دەزانی فڕۆکەکان بەنیازی خراپ بەسەر گونددا دەسوڕێنەوە، فڕۆکەکان کە زانیان(سلێمان بەگ) دیار نییە ،بۆیە ئەو فڕۆکەی نزم هەڵدەفڕی لە دوا سوڕانەوەیدا شتێکی فڕێدایەخوارو لە خوارەوەی قەلات کەوت، فڕۆکەکان بەرەو دەشتی رواندز گەرانەوە، کاک فرێدراوەکەیان هێنایەوە دیار بوو هەندێ جگەرەی (گۆڵدن فلاک)ی ئینگلیزی بوون لەگەڵ هەندێ بسکویت کە جوان پێچرابوون. ئەوەی راستیە فڕۆکەکان زۆر نزم بەسەر گونددا دەسورانەوە بەتایبەتی یەکێکیان هەر ئەوەندە بوو خۆی لە دارە بەرزەکان نەدەدا، لەوکاتەدا ئافرەتێک (پورەسار) نانی بۆ ئێمە دەکرد نانی بەجێ هێشتبوخۆی شاردبوەوە لە هۆدەی خوارەوە لە قوژبنێک لبادی بەسەر خۆی دا دابوو، پورە (ساری)ی بەستە زمان نیوەی ڕۆحی چوو بوو، لەترسی هاڕەی فڕۆکەکان لەبن لبادی گوایا دەستەو دوعا وەستا بوو لە خوا دەپاڕایەوە ماڵی میر لەو بەڵایە دوور بیت، پیرەژنی بەستەزمان هاڕو هۆڕەی فڕۆکەکانی بەبەڵایەکی گەورە دانا بوو، لەو تەنگاویەدا خێری وەخۆی گرتوە و کۆمەڵێک ئایات کورسی خوێند بوون! بۆ ئەوەی ئەو بەڵایە لەماڵی میر دوور بێت، پورە سارەی سەر شێواو خەڵکی گوندی بە بیر نەبوە تەنیا لە غەمی میر دابووە !!

دوای ڕۆیشتنی فڕۆکەکان پوور (عەیشەخان) دەیگێراوە چۆن پورە سار لە ژوورەکەی بنەوە لە ترسان لەرزی گرتوەو هاواری کردوە بۆ ناچن ئەو کوڕە لەسەر بانی بینێنە خوارەوە ئەو سەگبابانە نیازیان خەراپە، بە پیرە ژنی ماڵ وێرانیان گۆت بوو زرارو مەلاکۆر لە سەر بانی دەستیان بۆ هەڵدەوەشێنن .

لە دواییدا دەرکەوت فڕۆکەکان ئەو ئەفسەرە ئینگلیزانە بوون ئەوانەی لەگەڵ باوکم چووبوونە ڕاوێ، لە دوای ماوەیەک (سلێمان بەگ)یان دیبو گۆتبویان زۆر سوڕاین لەسەر گوند ئێوەمان نەبینی، تەنیا مندالێک و پیاوێک لەسەر قەلاتێ دیار بوون، هەستمان کرد خەڵکی گوند دەترسان لە سەرتاوە خەڵکمان دەبینی لەسەر بانەکان دوایی هەموویان خۆیان شاردەوە تەنیا پیاوێک و منداڵێک لەسەر خانوەکەتان وەستا بوون .

کەسایەتیە دیارەکانی ئەو کاتەی گوند

ئەو کەسایەتیانەی دیاربوون وەک ڕووی گوند چەند مرۆڤێک بوون لە بەرچاو، ئەوانەی پرس و ڕایان پێ دەکرا کە خەمخۆری گوند بوون :.

1- قادر ئاغا: پیاوێکی بەتەمەن بوو، لای سلێمان بەگ ڕێزی دەگیرا، زۆریش دوونیا دیتەو لە سەرخۆبوو، بەڵام دەست کورت بوو، توانای کاسبی نەمابوو کوڕە گەورەکەی چەک هەڵگری سلێمان بەگ بوو، لەو ڕێگایە کەمێک یارمەتی دەدرا.

2- سلێمان ئاغا: پیاوێکی وەستا کار بوو، بەردەوام خەریکی ساز کردنی ئامێرەکانی جوتیارەکان بوو، شووێنی وەستا کاریەکەی جێگای دانیشتنی پیرە پیاوە بێکارەکانی گوند بوو، سلێمان بەگیش بەردەوام لای دا دەنیشت.ناوبراو مرۆڤێکی گفتوگۆخۆش وگاڵتەچی بوو، شتی سەیری لێدەگێڕانەوە ، خاوەنی سەر بردەی خۆشە دەڵێن: جارێک بە سلێمان بەگی گۆتبوو:" میرا فلان کەس رایسپاردوم پێتان بڵێم کە کچە خزمەتکارەکەی لە ماڵتانە بیدەی بە ناوبراو، سلێمان بەگیش گۆتبووی ئەگەر کچە رازی بێت دەیدەینێ، ئەتو برۆ بەکچە بڵێ، سلێمان ئاغاش چۆتە لای کچە پێی گۆتبوو ئەمن هاتووم کە مێرد بە فلان کەس بکەیت، کچە گۆتبووی وەلا مام سلێمان مێرد بەو شەپو شۆڕە ناکەم، ئەو بەخۆی لە خۆی بەڵایە ئەمنیشی لێ ببمە بەڵایەکی تر! سلێمان ئاغا بە کچەی دەڵێت: مادام ئەوی ناکەی مێرد بە مامی خۆت بکە. خۆ ئەمن شەپو شۆڕ نیم قیتو قۆزم، کچە دەڵێت : رزیوو گەندەڵی وەکو تۆم بۆچی یە!. سلێمان ئاغا دەڵێت: ماکەر تەماشی سەر توزم مەکە شەرتی بنەرەتی بن توزە، دەست بە پێکەنین دەکات .

کەریمی کوڕە گەورەی سلێمان ئاغا کاسبەکی باش بوو، لە هەمان کاتیش راوکەرێکی سەرکەوتوو بوو بچوبا چیای بێ نێچیر نەدەهاتەوە .

3- وەستا حسن: وەستا کار بوو، کاسبی هەبوون و بۆ خۆی پیربوو، بەڵام منداڵەکانی چالاک بوون. ئەو پیاوە لە ناو خەڵکی گوند ڕێزی دەگیرا بەڵام کەم دیار بوو ، کوڕە گەورەکەی وەستا علی ئەوەندەی بڵێی کەسێکی پیاوانەو (چۆمباڵوک(کاتێک(هەمین) ڕۆیشت ئاغەژنە(حەلیم) لەگەڵ مێگەلە بزن و مەڕ بەڕێ کرا کوێستانان هەتا پایزێ دوور کەوتەوە بۆ بەخێوکردنی بزن و مەڕ (بادین)ی کردە شوان جێوورپێی بۆ ڕێکخست، ناوبراو خۆیشی هەندێک بزنی هەبوون، ئەو پیاوە، مرۆڤێکی لەسەرخۆ بوو، بەڵام زۆر دەست کورت بوو، چونکە مرۆڤێکی پاک ڕەوشت بوو، ببوە جێگای باوەڕی سلێمان بەگ، ئەویش مەڕو بزنی لە شوانکاری وەرگرتەوە دایە دەستی (بادین)، بۆ ئەوەی زیاتر سوود لە بەروبوومی ئاژەڵەکەی وەربەگرێت، بەو نیازەی هاوینان بنکەیەکی ماڵی لەگەڵ مێگەل براوەتە کوێستان پایزانیش لە دەرەوەی گوند خۆراکی پێویستی بۆ دابین بکرێت، مەرامی سلێمان بەگ زیاتر ئەوە بووە بۆ ماوەیەک قرەو بۆڵە بۆڵی ژنەکانی بێدەنگ بکات، جاری یەکەم لە سەرەتای هاوین کۆچباریان ساز کرد ڕۆیشتنە کوێستانی (بن کارۆخ) کە لە ژێر دەستی بنەماڵەی میرەکانی دەرگەڵەدا بوو .

لەزار گۆتەی دایکم کە دەیگوت: مەرامی ئاغا گوایا بە خۆی چاودێری مەرو مالاتەکەی دەکات، بە مەبەستی بەدی هێنانی بەروبوومی ئاژەڵی، کەچی وانەبوو، (هەمین) ڕۆیشتەوە لای منداڵەکانی منیشی بەناوی کوێستان دوورخستمەوە. ئەوەی دیارە لە کوێستان ماوەی چوار پێنج مانگ ڕەشماڵیان هەڵ دەدا، هەتا سەرما دادەهات دەمانەوە. پایزانیش لە دەرەوەی گوند لە هاوارگەی (بن شینک) هەتا سەرما دەری دەکردن دەمانەوە.

مام (بادین) وەک پێشتر باسی کراوە پیاوێک بوو ئەوەندەی بڵێیت لەسەرخۆو مەند بوو ،بەڕێزبوو، بەڵام لەبەرانبەر ژنەکەی خۆی (سەید رابی) چەندی بڵێیت بێ ڕوحم و بێویژدان بوو، ئەو ئافرەتە زۆر بێ دەسەڵات و بێ چارە بوو، وێنەی زۆر کەم بوون، مام بادین کە لەو ئافرتەی دەدا وای دەزانی ئاژەڵە لەبن دەستی ئەوەای لێ دەدا.

دێتەوە یادم، بەهار بوو، مەڕو بزن لە بێردا بوون، لایەک دایکم دانیشتبوو، لایەکەی دی سەید رابی بزنی دەدۆشین، لەکاتی دۆشینی بزنێک هەڵپەری شیری دەستی سەید رابی بەستەزمان ڕژاو بەگۆڕێ وەربوو مام بادین بەگۆپاڵی دەستی وەرگەرایە ئەو ئافرەتە بێ دەسەڵاتە، لەو دەمەدا سلێمان بەگ لەگەڵ چەند پیاوێک لە نێزیکی وەستا بوون، کاتی سلێمان بەگ بینی چۆن بەشێوەیەکی درندانە لەو ئافرەتە دەدات، یەک دوو جار بانگی کرد بادین بەسە، بادین زیاتری لێ دەدا، سلێمان بەگ بەچووستی غاریدا ،گۆپاڵی لەدەستی دەرهێنا، چوار پێنج گۆپاڵی لە بادینی دان، پێی گۆت: ئەوە ئاژەڵە بەو شێوەیە لەو بەستە زمانە دەدەیت؟! ئەوەی ڕاستیە زۆرم پێخۆش بوو باوکم لەمام بادینی دا لە بەر ئەوەی پەرۆشی سەید رابی بێچارە بووم.

وەک لە سەرەوە نووسراوە هاوینان مێگەلی مەرو بزن دەڕۆیشتە کوێستانی (بن کارۆخ) کە بەو شێوەی خوارەوە هەڵکەوتووە: کوێستانی بن کارۆخ ،کوێستانێکی بەر فراوانە، هەر لەزینی (ئەستێرۆکان) بگرە و بەبن کێوی کارۆخ دا ڕاکشاوە تا دەگاتە گەرووی سەران، کوێستانێکە پڕە لەکانیاوی سازگاری ساردو مێرگ و هەوارگەی خۆش و دڵگیری بڵند، ئەو کوێستانە کەوتۆتە ژێر زنجیرە کێوە بەرزەکەی کارۆخ، هەر لەبەر ئەوەش پێی دەگوترێت کوێستانی بنی کارۆخ . لەوەرگایەکانی دیارن و دابەشن بەسەر ئەو گوندانەی خاوەن ئاژەڵن و دەچنە کوێستان سێ ڕێگای بۆ دەچێ. یەکەم لە وەرتێ بەسەر دەکەوێتە هەوارگەی (مەکێ)و واری ماڵ کاکی. دووەم لە گەڵی کەڵێتێ بەسەر دەکەوێتە باسکە رووال دەروات بۆسەرجۆی. سێیەم لە گەڵی دەرگەڵە سەر دەکەویت بۆ لەوەرگاکانی سارکێ و سەرەنێرو ترشینان سەرگۆمی سەر ئەستێرێ .

کێستانی بن کارۆخ، ئاوی زۆرن، ئاوەکانی کارۆخ دەڕژێنە چۆمەکانی وەرتێ و دەرگەڵە هەتا دەگەنە ناو روباری دۆڵ ماوان، روبارەکانی دۆڵی باڵەییان و وەرتێ لە گوندی خانەقا بەیەک دەگەن روباری دۆڵ ماوانی لێپێک هاتووە، ئاوی چۆمی دەرگەڵەش لە نیزیک گوندی (رەزانۆک) لەگەڵ روباری باڵەکایەتی تێک هەڵ دەبێت، روباری رواندزی لێپێک دێ و دەرواتە ناو گەلی علی بەگ .

ساڵێک کە کۆچبار بۆ کوێستان ڕۆیشتبوو، منیان لە گوند بەجێهێشتبوو. لە دوای ماوەیەک باوکم دەڕۆیشتە کوێستان ،منیشی لەگەڵ خۆی برد، لەپاڵ پشتی خۆی داینام، لە گوند دەرکەوتین بەرەو دەرگەڵە، سێ چەکداریشمان لەگەڵ بوون، لە گۆڕستانی سەری ملی تێپەر بووین و گەیشتینە هەڵدێرەکەی شکەوتوان، ڕێگایەکە زۆر سەخت بوو، لەوێ دەربازبووین و بە ڕێگەی بەرگراوێدا ڕۆیشتین و گەیشتنە بن شینکان و پێچاو پێچ لە شینک سەرکەوتین، بەڵام چۆن سەرکەوتنێک، ئەزیەتێکی تەواومان چێشت، بە تایبەتی من لە بەرئەوەی لە پاڵ پشتی باوکم سوار ببووم زۆرم ئەزیەت خوارد تا لەو هەوارازە بە سەرکەوتین ، تووند فیشەکدانی باوکم گرتبوو بۆ ئەوەی نەکەوم، کاتێک بەسەرکەوتین، لەسەرەوە گۆرەپانێکی زۆرخۆشی پڕ لە گوڵی وەرزی بەهاری بوو لەوێ دابەزین، بەڵام چ گۆڕەپانێکە، وەک مافورێکی رەنگاو رەنگ دەکەوتە بەرچاو، جۆرەها گوڵ سەریان هەڵدابوو، گوڵی سروشتی وەرزی بەهار ئەو گوڵە هەمە تەرزە گۆرەپانەکەیان رازاندبوەوە، ئارەزووت دەکرد سەیریان بکەیت، لەو شوێنە خۆشە پشوێکی باشمان کێشا، دواتر هەستاین و بەرەو زینی دەرگەڵە بەناو دارستانێکی چڕدا تێپەڕبووین، لە پێچەکانی (کەڵەکی عالی مێران) سەرکەوتین ، بەسەر زین سەرکەوتین، لەسەر زین وەستاین، باوکم دابەزی من لەسەر پشتی ماینەکە مامەوە، ئەوەی زۆری دڵخۆشی کردم ئەوە بوو لەسەر گەرووی زینی ئەم دیوو ئەودیوی هەتا چاو بڕبکات دیارە، چ لە دیوی دەرگەڵەو بااڵکایەتی دیمەنێکی ئەوەندە دڵگیر دەکەوتە بەرچاو کە جێگای ئەوەیە هەردەم لە یاد بێت، ئەوەندە خۆش دیار بوو، لەوێوە بەشێکی گوندی دەرگەڵەش گەڕەکی قەڵاتێ و کۆشکی ماڵی میرو گوێزەکانی ئاوە ڕێژیش دیار بوون، ئەو دیمەنە جوانە چاوی مرۆڤی لێتێ نابێ، حوسێن سەری ماینەکەی دەکێشاو منیش لەسەر پشتی بووم بەڕێگای گەرەکی سەر باسکی دا ڕۆیشتینە ناو گوند، کاتێک گەیشتینە (کانی مێردان) کۆمەڵێک پیاو دانیشتبوون، هەستان و هاتنە پێشوازی باوکم و بەخێر هاتنیان لێکرد، لەێ ڕۆیشتینە خوارەوە، لە دەرگای قەڵات چووینە ناو حەوشی قەڵاتێ و دابەزین، دیار بوو هەموویان بۆ بەخێر هاتنی باوکم دەهاتن، منیشیان دەگرتە باوەش، باوکم ڕۆیشتە سابات لای (میرحەمدئەمین بەگ) ئەو شەوە لە دەرگەڵە ماینەوە.

لە دوای ماوەیەک لەگەڵ یەکێک لە چەکدارەکان (مەلا کۆر) ڕۆیشتینە ماڵی مامەکانم سەید ئاغاو بەکرخان بەگ، زۆر یان هەوڵ دا لایان بمێنمەوە، بە تایبەتی پورە (سوڵتان)، بەڵام لەبەر باوکم نەمتوانی و گەڕاینەوە بن سابات. بەیانی ڕۆژی دوایی لەدەرگەڵە دەرکەوتین، بەناو گونددا ڕۆیشتین لە (کانی مێردان) لا ماندایە ڕێگای ناو ڕەزان و بەژێر دارەکاندا دەڕۆیشتین، لەکانی ژنان تێپەر بووین، بە ژێر دار تاوکەکی سەر باخچەکاندا باوکم گوتی : کورە سەرت نەویکە لەگەڵ قسەی باوکم پەلەک بە کڵاوم کەوت و کەوتە خوارەوە، زوو بە باوکم گۆت بابە کڵاوم کەوت. باوکم یەکسەر جڵەوی وەڵاغی سوڕاندەوە بە لولەی تفەنگی کڵاوی هەڵگرتەوە و داینا‌وە سەرم.

دەروونا

دونیا

لەناحیەی ئاریاوە بۆ بازرگانەکانی حەز

دەڵێن هونەر ئاوێنەی ژیانە، ئاوێنەی نەگبەتیش هیچ گوناهو تاوانێکی نیە هەرچی بەردەمی ئەوەنیشان دەدات. ژژانە دەیان ئاوێنە دەشکێنرێ هەریەکەیان لەسەر ڕقێک، ئەمیان کچەکەو ژنەکەی لەئیش و کار خستووە، ئەویان تەڵە سپیەکانی سمێڵی نیشان دەدا، یەکێکی تر.... هتد. ئەمجارە ئاوێنەکەی (ئاریا) کۆمەڵێ کەم و کوری گەندەڵی نیشاندا کە لەبنچینەدا نەک تەنها بۆ کۆمەڵگا بەڵکو بۆ خودی ئاینیش بووە بەکێشەیەکی گەورەو، یەکێکە لەو خەوش و نارێکییە هەرە گرنگانەی کەبووە چەکێک بەدەستی خەڵکانی دیکەوە تانەو تەشەرەی پێ دەتەقێنن بۆ گیان کۆمەڵگەی کوردەواری بەگشتی و خودی ئاینەکە بەتایبەتی.. ئاریا هەر چەندە یەکەم هەنگاونیە لەم بوارەدا، لەڵاتانی دەوروبەرو ڕۆژهەڵاتی ناوەراست بابەتی زۆر لەوە بەهێزترو شەفاف تر خراوەتە روو بەڵام بۆ کور ترادەیەک بوێری و جەرەساتێکی باشە تا سەرجەم چین و توێژەکانی ئەم کۆمەڵگەیە وشیار بنەوە لەو گەندەڵیانە، دەبوایە یەکێتی زانایانی ئیسلامی خۆیان دست خۆسیان لەبرای دەرهێنەر بکردایەو خۆیان ببونایە بەرابەری ڕاپەرینێک کە کرۆکی ئەوانەی دەربهێنایە لەو چەند هەڵقەیەدا کەخەڵک بینی. بەڵام بەداخەوە زانیان بەئاراستەیەکی دیکەو لەژێر کاریگەرییەکی نازانستی دژ بەپێشکەوتن و گەشەکردن، بەپێچەوانەی ڕەوتی ئاوەوە مەلیان کردوو مشاری خۆیان خستە سەر ئەو دەسەڵاتەی کەبەشێک لەگەندەڵیەکانی ئەمیش لەئاوێنەکەی ئاریادا نیشان دراوە.. ئەو زنجیرە درامایە بمانەوێ و نەمانەوێ بەرهەم هێنراوەو کۆپی کراوە، دیان کەس پێش ئەوەی پەخش بکرێ لەستۆدیۆدا بینیویەتی چ بۆ ئەوەی لەژەکم و کورییەکانی بکۆڵێتەوە یاخود بۆ سیاسەتی دیکەی گونجان بێت لەگەڵ یاسەتی کەناڵەکە. کەواتە دراماکە بوونی هەیە ئەمڕۆ یان سبەی بەهەر وەسیلەیەک بێت هەر پەخش دەبێ ئیتر بۆچی لەمێژوودا ئەم خاڵە خراپە لەسەر خۆتان تۆمار دەکەن. پاشان نموونەی ئەو مەلا جوانە لبەرچاوی هەموو خەڵکی کوردستان لەچەند هەا شوێن دەبینرێ بەڵام شێوەیەکی دیکە، مەلایەک ئامادەبێت خۆی (جەماش) بۆ ژنی تەڵاق دراوبکات، ملایەک ئامادەبێ بەژۆرەملێ زەوی خەڵک داگیربکاو دوای بەپارە سوڵح لەگەڵ خاوەنەکی بکات، کۆڵکە مەلا لەگەڵ ئافرەتی نامحرەم لەسەیرانگایکداو لەپێچێکەوە بیگرێ، مەلایەک دوو سی مەنسەب و مەعاشی هەبێ کەحکومەتدا، مەلایەک بازرگانی حج و سەردانی ماڵی خوا بکات و (20 وەرەقە)ی دۆلار لەخەڵک وەرگرن و هیچ هەڵوێستێکیان نەبێ، چ جیاوازیەکی هەیە لەگەڵ مەلا جوان. باشە بەریشی کێ ڕەوایە پیرێژنێک (2 هەزار) دۆلاری لێ وەربگیرێ بۆ سێ چارەک ڕێگای نێوان عێراق و سعودییە، خۆ کەنەداو ئەمریکا ئەوەندەی تیاناچێ، ئینجا بۆ ئەوەندە بەپەلە، خۆ هێستا نموونەی مەلای باش و شۆرشگێڕو پیاو چاک هەر زۆرەو دراماکەش کۆتایی نەهاتبوو بۆ واتان کرد. جگە لەوانەش دراماکە تەنها لەسەر مەلا ناروات خەڵکی واش دەگرێتەوە کەخودی مەلاکان ڕۆژانە بەخراپە باسیان دەکەن. هیواداری خەڵک لەوەدایە نەک تەنها درامای ئاریا بەڵکو لەوەش باشتر پەخش بکرێ، بۆیە هەقە پەلە بکرێت لە پەخشکردنی.